# کێربستۆن (curbstone)

## ڕاپۆرتی زانستی







# کێربستۆن

**(ڕاپۆرتێکی زانستی ئەندازیاریە بۆ مەبەستی بەرزکردنەوی پلەی ئەندازیاری لە ڕێپێدراوە بۆ ڕاوێژکار)**

**پێشکەشکار : ئارام رشید کاکەامین**

**پلەی ئەندازیاری : ڕێپێدراو**

**ژمارەی ئەندامیەتی: ٩٩١٠**

**ساڵی : ٢٠٢٤**

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ١-پێشەکی ........................................................................................ | ٤ |
| ٢- مێژووی بەکارهێنانی کێربستۆن لە بواری ڕێگاوبان:.......................................................... | ٥ |
| ٣- ناساندنی کێربستۆن: ................................................................................... | ٦ |
| ٤-پێکهاتەی کێربستۆن: ................................................................................... | ٧ |
| ٥-سود و گرنگی بەکارهێنانی کێربستۆن لە پرۆژەکاندا:......................................................... | ٧ |
| ٦-جۆرەکانی کێربستۆن: ................................................................................... | ٨ |
| ٧-چۆنیەتی دانانی کێربستۆن و جێبەجێکردنی کارەکانی تایبەت بەو برگەیە لە پرۆژەکاندا:.................. | ١٢ |
| ٨-سەرچاوەکان: ................................................................................... | ١٤ |

# ١-پێشەکی

بـواری ئەنـدازیاری وەك یەکێـك لە بـوارە گرنگەکانی جیهـان پێشـکەوتنی بەرچـاوی بەخـۆیەوە بینیـوە بەتـایبەت لە بـواری ڕێگاوبانـدا ، کوردسـتانیش بەدەر نـیە لەو پێشـکەوتنانە بەهـۆی گەشەسـەندن و گـرنگی دانی حکـومەتی هەرێمی کوردسـتان بە بوارەکانی ڕێگاوبـان وەهەروەها بونی ئەندازیارانی شارەزاو لێهاتوو و ئامرازی کارکردنی پێشکەوتوو و موادی باش و ستاندارد.

من دەمەوێت لەم تـوێژینەوەیەدا سـەرەتا باسـێکی کـورتی جۆرەکانی کێربسـتۆن  بکەم و پاشـان دووریەکانی و ئەو ماددانەی لە دروست کـردنی کێربسـتۆن  بەکاردەهێنرێن و شـیوازی دانانی لە پڕۆژەکانـدا بە ئامـانجی ئەوەی سـودێك بگەیەنـم لە بـواری پرۆژەکـانی  ڕێگاوبـان بە شـێوەیەکی گشـتی و بە تـایبەت    بـۆ ئەو ئەنـدازیارانەی کە تـازە لە زانکۆکان دەردەچـن و دێـن لە بـواری ڕێگاوبـان کـار دەکەن چـونکە وەك ئاشـکرایە سـەرچاوەی دەسـت کەوتـنی زانیـاری لە بـواری ئەندازیاری بە زمانی شیرینی کوردی زۆر کەمە هیوادارم توانیبیێتم سودێك بگەیەنم.

لەگەڵ ڕێزدا.....

## ٢- مێژووی بەکارهێنانی کێربستۆن لە بواری ڕێگاوبان:


کێربستۆن بووە بە پێکهاتەیەکی مۆدێرن بۆ دروستکردنی ڕێگا و شەقام. هەروەها لە ڕۆما و ڕۆمای کۆنیشدا هەبووە. لە ڕۆمای کۆن، بەربەستەکان بە درێژایی لای ڕێگاکان دروستکراون بۆ جیاکردنەوەی لێوارەکانی ڕێگاکان و یارمەتیدانی لە ئاوەڕۆ. ئەم بەربەستانە بە شێوەیەکی ئاسایی لە بەرد دروست دەکران و دیزاین کرابوو بۆ ئەوەی تەمەنیان زۆرو درێژخایەن بن.

بەکارهێنانی سنوورەکان لە سەدەکانی( ١٨ و ١٩ )زیاتر بەربڵاو بوو کاتێك شارەکان و شارۆچکەکان دەستیان کرد بە گەشەکردن و فراوانبوون. لەو ماوەیەدا، بە شێوەیەکی ئاسایی لە بەرد یان خشت دروست دەکران و زۆرجار دیزاین کرابوون بۆ ڕازاندنەوە و کارکردن.

لە سەدەی بیستەمدا، بەکارهێنانی کۆنکرێت زیاتر باو بوو لە دروستکردنی بەربەستەکان بەهۆی درێژخایەنی و کاریگەری تێچوون. ئەمڕۆ، سنوورەکان بەردەوامن وەک توخمێکی گرنگی پلاندانان و تەلارسازی شار، کە سنوورێکی ڕوون دابین دەکات لە نێوان ناوچەکانی پیادە و هاتوچۆی ئۆتۆمبێل و یارمەتیدان لە پێکهێنانی دیزاینی گشتی ژینگەی دروستکراو.

# ٣- ناساندنی کێربستۆن:

کێربستۆن بریتیە لە بلۆکی کۆنکرێتی ئامادەکراو (Pre-cast) لە کارگە یان دروست دەکرێت بە ئامێری کێربەر لە شوێنی کارکردنی پڕۆژەکە دادەنرێت لە لێواری شەقامەکان بە مەبەستی جیاکردنەوەی شانی ڕێگاکان و شۆستە (پیادەڕۆ) و بلواری ناوەندی شەقامەکان.بە دوو شێواز دادەنرێت بە شێوازی ستوونی یان بە شێوازی ئاسۆیی. وە کێربستۆن ئەم تایبەتمەندیە هونەریانەی خوارەوەی هەیە:



(وێنەی کێربستۆن)

١-بەشێوەیەکی گشتی دووریەکانی (بەرزی ٣٠سم و ٢٠سم)ە و درێژی(٧٥سم و ٥٠سم)ە پانی بنکەی خوارەوە (١٨سم ) ە و پانی بنکەی سەرەوە (١٣سم)ە.

٢-لادان(Tolerances ) : لادان لە دووریەکانی کێربستۆن کە ڕوون کراوەتەوە لە نەخشە و ووردەکاریەکانی پڕۆژە لەگەڵ ئەو کێربستۆنەی دەهێنرێتە شوینی کارکردن دەبێت بە پێی ئەم خشتەیەی خوارەوە بێت:

| درێژی | پانی | بەرزی |
|---|---|---|
| ±٦ملم | ±٣ملم | ±٣ملم |

٣-پێویستە هێزی بەرگەگرتنی کێربستۆن کەمتر نەبێت لە ٢٠٠ کگم/سم٢.

٤-کێشی قەبارە (الحجم الوزنی....volume weight )ئەو سامپڵەی کە ووشك دەکریتەوە لە پلەی گەرمی (١٠٠)° سەدی بۆ دیاری کردنی کێشەکە نابێت کێشەکەی بە ڕێژەی قەبارەکەی کەمتر بێت لە (٢٢٤٠ کگم/م٣).

٥-یەکەی پێوانەی کێربستۆن بریتیە لە مەتر درێژی.

## ٤-پێکهاتەی کێربستۆن:

کیربستۆن دروست دەکرێت لە مادەی کۆنکریت بەهێزێکی گونجاو یان مەوادی (لم, بحص , چیمەنتۆ جۆری پۆرتلاند ) بە ڕێژەی (٤:٢:١) وە ڕێژەی کێشی ئاو بەرامبەر کێشی چیمەنتۆ (w/c ratio)دەبێت یەکسان بێت بە (٠،٤٥)کە کەبس دەکرێت بەهەمان هێزی داواکراو.

## ٥-سود و گرنگی بەکارهێنانی کێربستۆن لە پرۆژەکاندا:

١ - کیربستۆن بەکاردێت بۆ جیاکردنەوەی لێواری ڕێگاکان و شۆستەکان و جیاکردنەوەی ناوچەی سەوزایی تەنیشتی ڕێگاکان یان ناوچەی سەوزایی ناوەراستی ڕێگاکان.

٢- کیربستۆن دەبێتە هۆی مانەوە و پاراستنی ڕێگاکان لە خراپ بوون کە دەبێتە بەربەستێك کە ڕێگری دەکات لەوەی کە ئاو و شێ بگاتە چینەکانی خوارەوەی ڕێگاکان.

٣- کیربستۆن ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ئاڕاستە کردن و کۆکردنەوەی ئاوی سەر شەقامەکان و بەڕێکردنی بۆ ناو سیستەمی ئاوەڕۆی شەقامەکان و کەمکردنەوەی مەترسی لافاو.

٤- کیربستۆن دەبێتە بەربەستێك لە نێوان ڕێگاکە و شۆستەکە و پاراستنی گیانی پیادەڕۆیەکان لە ڕووداوی هاتووچۆ.

٥-دەتوانرێت مەواد و ڕەنگی جۆراو جۆر بەکاربهێنرێت لە دروست کردنیدا بە مەبەستی جوان کردنی شەقامەکان یاخود ئەو ناوچەیە.



(وێنەی بەکارهێنانی کێربستۆن لە بوارە جیاوازەکاندا)


## ٦-جۆرەکانی کێربستۆن:

١- کیربستۆنی نزم یاخود جێگیرکراو (Low or mountable kerbs )

*ئەم جۆری کیربستۆنە بەرزیەکەی لەنێوان ٧ بۆ ٨ سم دایە.

*بەشی پێشەوەی  کیربستۆنەکە بەشێوەی نیمچە بازنەیی دروستکراوە بۆ ئەوەی ئۆتۆمبیل بە ئاسانی بتوانێت سەربکەوێت بەسەریدا.

* ئەم جۆری کیربستۆنە بەکاردەهێنرێت لە ناوچەی نیشتەجێبوون و ناوچەی قوتابخانەکان.







وێنەی کیربستۆن جۆری (Low or mountable kerbs )

٢- کیربستۆنی بەربەستی خێرایی کەم (Low-Speed Barrier or Urban Parking Kerbs )

*ئەم جۆری کیربستۆنە بەرزیەکەی لەنێوان ١٥ بۆ ٢٠ سم دایە.

*لە کاتی پێویستدا ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن دەتوانێت سەربکەوێت بەسەریدا.

* ئەم جۆری کیربستۆنە بەکاردەهێنرێت لە ناوچە شاریەکان یان نزیک شوێنە گشتییەکان.







وێنەی کیربستۆن جۆری (Low-Speed Barrier or Urban Parking Kerbs)

٣-- کیربستۆنی بەربەستی خێرایی بەرز (High-Speed Barrier Kerbs )

*ئەم جۆری کیربستۆنە بەرزیەکەی لەنێوان ٢٣ بۆ ٤٥ سم دایە.

* ئەم جۆری کیربستۆنە بەکاردەهێنرێت وەك بەربەستێك بۆ پاراستنی ئۆتۆمبیلەکان لە کەوتنە خوارەوە کە بە خێراییەکی زۆر گەشت دەکەن لە ناوچە هەستیارەکاندا.

* ئەم جۆری کیربستۆنە بەکاردەهێنرێت






لەسەر پردەکان یان ڕێگا شاخاویەکان.


وێنەی کیربستۆن جۆری (High-Speed Barrier Kerbs)

٤-- کیربستۆنی نقوم بوو یان ژێرزەوی (Submerged kerbs)

*ئەم جۆرە کیربستۆنە جێگیر دەکرێت لە زەویدا لە نێوان لێواری ڕێگاکە و شانەکانی ڕێگاکە.

*ئەم جۆرە کیربستۆنە بەکاردەهێنرێت  وەک پاڵپشتیەك بۆ پاراستنی چینەکانی ڕێگای قیر لە داخوران و لەناوچوون.

* ئەم جۆری کیربستۆنە بەکاردەهێنرێت لە ڕێگاکانی دەرەوەی شار و لادێکاندا.






وێنەی کێربستۆن جۆری (Submerged kerbs)

## ٧-چۆنیەتی دانانی کێربستۆن و جێبەجێکردنی کارەکانی تایبەت بەو برگەیە لە پڕۆژەکاندا:

١-هەڵکەندنی بناغەی کێربستۆنەکان بە پانی ٨٥سم  یان ٦٥سم بە گوێرەی نەخشەی پڕۆژەکە و  قوڵی پێویست بەپێی پڕۆفایل.

٢- کۆنکرێت کردنی ئەساسی کێربستۆنەکان بە کۆنکرێتی ئاسایی(٢١ مێگا باسکاڵ) بە پانی ٨٥سم یان ٦٥سم و بەرزی ١٠سم و جیاکردنەوەی ئەساس  بەجۆینتی ٢سم بۆ مەودای هەموو ١٠م دووریەك وپرکردنەوەی بە مونەی چیمەنتۆو لم بە ڕێژەی(٣:١).


٣- دانانی کێربستۆنەکان بە مونەی چیمەنتۆو لم بە ڕێژەی(٣:١) لەسەر ئەساسی کێربستۆنەکان. و بنکەشی کردنی نێوان کێربستۆنەکان بەمونەی چیمەنتۆو لمی بێژراو (١:١)بە شێوەیەکی ئەندازەیی .

٤- کۆنکرێت کردنی پشتی کێربستۆنەکان بە کۆنکرێتی ئاسایی(٢١ مێگا باسکاڵ) بە قیاسی (١٥×١٥) سم .

٥- بۆیاخ کردنی کێربستۆنەکان بە بۆیاخی زەردو سپی فسفۆری (بێگەرد) یان هەر ڕەنگێکی تر بە گوێرەی دەرخستەی پڕۆژەکە.

٦- تێکردنی کونکرێتی گەتەر بە هێزی بەرگەگرتنی (٢٦ مێگا باسکاڵ)  بە پانی پێویست و ئەستوری (١٠)سم.

# کێربستۆن




وێنەی ووردەکاری و پێکهێنەرەکانی کێربستۆن

## ٨-سەرچاوەکان:

١-مواصەفاتی گشتی ڕێگاوبان ..........ئەندازیار؛هەڵمەت غەریب.

٢- ڕابەری ئەندازیار بۆجێبەجیٛ کردنی پڕۆژەکانی ڕێگاوبان و ئاوەڕۆی شارەوانی..... ئەندازیار أبوبكر طيب حسن.

٣-چەند سەرچاوەیەکی تۆڕی ئەنتەرنێت.

٤- ئەزموونی تایبەتی خۆم لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ڕێگاوبان.